# چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە؟!

**رانانی: هاشم ئەمین**

بەرگی یەکەمی (چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە)ی نووسەر مەلا بەختیار، نووسینێکە بۆ راستکردنەوەی کۆمەڵێك هەڵەی مێژوویی کە پێشتر برایم جەلال لەسەر مێژووی کۆمەڵە نووسیویەتی.

نووسەر لە دوو توێی ئەم بەرگەدا ویستویەتی سەرجەم ئەو راستییە مێژوویانە بە بەڵگەو دۆکیومێنتەوە بخاتەروو، وەك خۆی دەڵێت ئەگەر راستیە مێژوویەکان لەسەر کۆمەڵە و ئیش و کارەکایان نابێت بشاردرێنەوەو هەرکەس چۆنی ویست بە میزاج و عەقڵی خۆی بیگێڕێتەوە.

ئەم نووسینەی مەلا بەختیار خوێندنەوەیەکی مێژووییە بۆ کتێبی (چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە) کە برایم جەلال لە دوو توێی (506) لاپـەڕەدا نووسیویەتی، بەڵام مەلا بەختیار دەڵێت "ئەم هەڵە مێژووییانەی ئەم نووسەرە کردویەتی و ئەو درۆیانەی لەو کتێبەدایە پێویستی بە راستکردنەوە هەیەو دەبێت مێژوو نـەك وەکـو خۆی بگێڕدرێتەوە، بەڵکو دەبێت دەست بخەینەسەر ویژدان و راستگۆییانە بیگێڕینەوە، نەك ئەو شتانەش باس بکەیت کە خۆت بڕوات پێی نییە".

نووسەر لە لاپەڕەکانی سـەرەتـادا لەو بەشەی کە پێشکەشی دەکـات، نووسیویەتی پێشکەشە بە (فوئاد سوڵتانی (لە مەریوان شەهید کـراوە)، پێشکەشە بە ئەکرەم و خەبات (قـەراغ) کە لەبەرچاوی برایم جەلال شەهیدکران و یەك فیشەکی بۆ بەرگریلێکردنیان نەتەقاند. کە ئەمە بۆخۆی قسەی زۆر هەڵدەگرێت و ئـەوەی لە شۆڕشدا بووبێت یان شارەزای مێژووی کۆمەڵە بێت زیاتر لە هەمووان لەم دەستەواژەیەی نووسەر کە بۆ برایم جەلالی نووسیوە تێدەگات.

نـووسـەر کتێبەکەی کـردووە بـە چـوار بـەشـەوە، لە پێشەکی ئەم کتێبەدا مەلا بەختیار پێشەکییەکی تێروتەسەلی لەسەر درۆو .. درۆی ململانێی سیاسی نووسیوە کە خۆی بریتییە لە باسێك، کە تەتەڵەی ئەم بابەتەی زۆر باش کردووەو تەنانەت سەرجەم ئەو بۆچوونە جیاوازانەش لەسەر درۆو مێژووی درۆو سایکۆلۆژیای درۆزن، تا ئەوەی دەبێتە خویەك، وەك نووسەر دەڵێت زۆربـەی زانستە هاوچەرخەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە مرۆڤ پێویستی بە پەروەردەی هەمەلایەنەیە لە ئافاتەکانی درۆ، درۆزنی، درۆهەڵبەستن بپارێزرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا



پەتای درۆکردن باوە، خراپترین چەشنی درۆش: درۆی مرۆڤە پێگەیشتووەکانە، کە ئەمە ترسناکترین نەخۆشی کۆمەڵایەتییە، چونکە بینای کۆمەڵ دادەرمێنێ و متمانەی نێوان کەسەکان دەروخێنێت".

دواتر نووسەر دێتە سەر باسی کۆمەڵەو راستکردنەوەی هەڵە مێژووییەکان، ئێستا 42 ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەو زیاتر لە نیو سەدەش بەسەر سیاسەتی تایبەتی چین لە ناوخۆو دەرەوەدا تێدەپەرێت، چونکە کۆمەڵە لە دامەزراندنیەوە پەیرەوی سیاسەت و رێبازی چین و رابەری پارتی کۆمۆنیستی چینی ماوتسیتۆنگی کردووە.

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە (1970/6/10) دامـــەزراوە، پێش ئـەوە بە دوو ساڵیش لەناو پارتی شۆرشگێری کوردستاندا (جەلالی) لە (بەکرەجۆ)دا گفتوگۆ لەسەر چین و شورەوی ماوتسیتۆنگ هەبووە" 23 ساڵیش لەمەوبەر بە هەڵەیەکی مێژوویی لە بارودۆخێکی ترسناکی کوردایەتیدا کە بواری راپرسی، باس و خواسی دیموکراسی بە رێکخراوەکان و ئەندام و کادیرانی کۆمەڵە نەبوو، بریاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە نە بە نووسراو و نە بە کۆبوونەوەی بـەردەوام و فراوان و مشت وماڵی ئازادانە نەکرا، کە ئەوکاتە لەسەر لاپەرەکانی ئۆرگانی (بەرەی کوردستانی) زۆر مەسەلە مشتومری لەسەر دەکرا، بەڵێ لە هەلومەرجێکی ترسناکی سیاسی، لە بارێکی رێکخراوەیی سەرکوێرکردنی سیاسی، باری دەرونی شکستی ئەنفالەکان و ژیان و ژیواری ئاوارەیی کادیرو پێشمەرگە، کرا بە پاساوی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە، تەنانەت لەبری کۆنفرانس و پلنیۆمێکی زەمینە نەرەخسێنراوی بۆ بەسترا".

نووسەر لە هەڵە مێژووییەکانی برایم جەلالی وەك ئەوە ناوناوە کە فیشەك بنێیت بە مردوویەکەوە، چونکە زۆربەی هەڵە مێژووییەکان بەرامبەر شەهیدەکان کـراوە، برایم جەلال لەسەر شەهید ئارام (شاسوار جەلال) نووسیویەتی "دوای ئاشبەتاڵ و گرتنی زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە 1975 دا کۆمیتەی هەرێمەکانی دامەزراند، شەهید ئارامیش وەك هاورێیانی تری لە ریزەکانی کۆمەڵەدا نەما، بەڵام گرتنی بە کۆمەڵی ئەندامانی سەرکردایەتی و سکرتێری کۆمەڵە بەهەلزانی بۆ دروستکردنی کۆمیتەی هەرێمەکان و کۆکردنەوەی زۆربـەی ئەندامە کۆنەکانی خاوەن رەوتی عێراقچێتی لەناویدا".

نووسەر (مەلا بەختیار) لە وەڵامی ئەم نووسینەی برایم جەلالدا لە لاپـەرە (95)دا نووسیویەتی "ئێجگار سەیرە، گەوهەری مرۆڤێك هێندە کینەبێژو بوغزاوی بێژ بێ، دوای 33 ساڵ لە شەهیدبوونی ئارام، لە مەرگیشدا کێلەکەی بەرناداو بوختانی ئاشکرای بۆ هەڵدەبەستێ، بەبێ ئەوەی گوێبداتە ئەوەی کە ئارام دەیان هاورێی زیندووی ماون، دەیـان تێکۆشەری شایەتیش هەن، بەڵگەی نووسراو کۆبوونەوەی جۆراوجۆری دەیسەلمێنن، کە ئارام کێ بووەو نووسەریش چۆن پێچەوانەکەی باس دەکات".

برایم جەلال زۆر قسەی لەسەر ئەو هەلومەرجە کردووە، بەڵام راستیەکانی لەناو ئەو قسانەدا پێچاوەتەوە، نەکا ئەو رێبازەی شانازی پێوە دەکـات، بە حسابی خۆی ئۆباڵی هەڵەی بکەوێتە ئەستۆ، کە ئەمەش لە گێرانەوەی ئەمانەتی مێژوویدا جۆرێکە لە خیانەتی مێژوویی".

کۆمەڵە پێش دوو مانگ لە هەرەسەکە، بەیاننامەیەکی نـاوخـۆی دەرکـــردبـــوو ، تـیـایـدا دۆخــی شــۆرش و هاوکێشەکانی هەڵسەنگاندبوو، پێشبینی هەرەسی دوورو نزیك نەکردبوو، بەڵکو سەرئەنجامی لێکدانەوەی هەلومەرجەکە، سەرکردایەتی کۆمەڵە گەیشتبوونە ئەو باوەرە کە سەرکردایەتی پارتی خەریکی سات و سەودان لەگەڵ رژێمدا، لە بەیاننامەکەدا دەڵێن "گەر سەرکردایەتی بۆرژوازی و خێڵەکی کوردستان، سات و سەودا لەگەڵ رژێمـدا لەسەر ئۆتۆنۆمی راستەقینە بکات، کۆمەڵە بەرەنگاری دەکات و هاورێیانی کۆمەڵەش بۆ حاڵەتی وا ئامادە باش بن".

نووسەر لە بەشێکی کتێبەکەدا ئاماژە بە خەبات و کاری سیاسی و دامەزراندنی کۆمیتەی هەرێم و باسی شەهید ئارام دەکات، لە وەڵامی برایم جەلالدا نووسیویەتی "گوایە کە شەهید ئـارام بـروای بە کوردستانی بوونی کۆمەڵە نەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی رقی لە عێراقچێتی دەیگەیەنێتە ئـەوپـەری، لەبەرئەوە ناچارین قسەی دیکەش دەربـارەی بکەینەوە، بەتایبەتی سەبارەت بە بیروبۆچوونی شەهید ئارام".

گەر عێراقیبوون بە مانای دامەزراندنی حزبێکی چینایەتی سەرانسەری عێراق بێت، لەبەرئەوەیە گوایە یەك پەیوەندی بەرهەمهێنان و یەك چەشن چەوسانەوەی چینایەتی لەسەر ئاستی عێراقدا هەیە، لە راستیدا ئەم کێشەیە دوو رێبازی ناکۆکن، لەدوای هەڵوەشاندنەوەی (حزبی شـۆرش) لە ساڵی 1945داو چوونە ناو حزبی رزگاری لە هەمان ساڵداو پاشان، تێکەڵاوکردنی حزبی رزگاری و پارتی دیموکراتی کورد، کە ئەوکات ناوەکەی وابوو، ئیتر عێراقی و کوردستانیبوون یەکاڵابوونەوە، ئـــەوەی کـوردسـتـانـیـش بـــوو، هاتنە نـاو پـارتـی و کوردایەتیەوە".

ئەم کتێبەی مەلا بەختیار بریتییە لە بەرگی یەکەمی وەڵامەکان و دەرخستنی راستییە مێژووییەکان و بەرگی تریشی بەدوادا دێت.

گۆڤارێکی فکرییە، دەزگای والا دوو مانگ جارێك دەریدەکات